# نەوەی نوێ سبەی پشتیوان و بەشدار دەبێت لە خەپیشاندانی هەولێر

فراکسیۆنی نەوەی نوێ دووپاتیکردەوە وەک جوڵانەوەی نەوەی نوێ و وەک فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان، نەک تەنها پشتگیری خەپیشاندان دەکەین لە هەولێر، بەڵکو بەشداریش دەبین تیایدا.

ئەمڕۆ شەممە ٨ی شوباتی ٢٠٢٥، فراکسیۆنی نەوەی نوێ رایگەیاند، "هیوادارین هەموو لایەکیش ئاگاداربن، بەتایبەت مامۆستایانی مانگرتووی بەڕێز، کە ئەمە پلانێکی دەسەڵات نەبێت بە لەباربردنی ئەو هەموو هەوڵ و ماندووبوونیان و داخستنی خەمکەیان نەبێت لەسلەمانی، کە ماوەیەکە مانیان لە خواردن گرتووە و ئازاریان کێشاوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، بەیەکگرتنگە هەروەک چۆن لەسلەمانی نارەزایی و مانگرتن بەردەوامە ئاوها بەردەوام بێت تا مافەکانی مامۆستایان و مووچەخۆران وەردەگیرێتەوە، هەروەها گرنگیش بەهەمان شێوە لەهەولێریش خەپیشاندان و ناڕەزایی بەردەوام بێت و ئەمەش پشتیوان و بەشدار دەبین، چونکە پێمان وایە ئێم حکومەتی مافی خەڵک و مووچەخۆران دەخوات حکومەتی پارتی و یەکێتییە و هەردوولا وەک یەک بەرپرسن لە بەینی قوت و مووچەی مووچەخۆران.